# توركیاویەكێتی ئەورۆپا        ئەحمەد دەشتی

لەمێژە  دەولەتی تورک زۆر بە پەرۆشەوە لە هەول و تەقەلا دایە  کە بێتەناو بازاری هاوبەشی ئەورروپاو وەک تەواوی وەلآتانی ئەورۆپی ببێتە ئەندامێکی ئەو یەکێتیەو  لەو بازارە ئەو ڕوپیەدا خۆی ببێتەوەو ئارەزووی دیرینەی خۆی بێنێتە دی و خۆی ئاسودە بکات . سالەهای سالە کە ئەو یەکێتیە ئەورووپیە بەرپا بووە و دەتوانین بلێین کە سەرجەم وەلآتانی ئەورۆپی دەگرێتە خۆی، هاتنە کایەو بەرپا بوونی یەکێتی ئەورۆپیانیش دیارە کە لە سەر بنەمایەکی مرۆڤ دۆستییە و دەبێ ئەندامانی ئەو یەکێتیە ئەورۆویە بە تەوای دوور بن لە دان نەنانیان بە هەموو  مافێکی مرۆڤ و دور بن لە چەوساندنەوەی هەر مرۆڤێک و  دووربن   لە هەستی ڕەگەز پەرستی و کوشتنی مرۆڤ و هەموو زەبرو زەنگ و کردەوەکانی دژ بە مافی مرۆڤ و سەرهەلدانی دکتاتۆریەت و هەرەشەو گورەشەو هەولی داگیرکردن و لە ناو بردنی گەلانی ئازادی خواز و چەوساندنەوە دیارە کە لە بنەما سەرەکیەکانی هاتنی هەر وەلآتێکە بۆ ناو یەکێتی ئەورۆپا و دەبێ کە هەر وەلآتێک بێتە ناو ئەو یەکێتیە دوور بێت لە هەموو دژایەتیەکی مافی مرۆڤ، هەر وەلآتێکی کە ڕەفتاری دکتاتۆرانەو دژ بە مافی مرۆڤ و دان نەنان بە مافی گەلانی ئازادیخواز و ڕژێمێکی دکتاتۆری و ملهوڕ و پێشێل کردنی مافی مرۆڤ و دوور لە هەستی دیموکڕاتیەت و دکتاتۆر ئاسایانە ڕەفتارکردن لە هەر ڕژێمێکەوە سە ر هەلْ بداتئەوا زۆر ئاستەمە کە ئەو وەلآتە بە ئەندامەتی لەو یەکێتیە ئەورۆپیەدا وەر بگیرێت ، خۆ دەولەتی تورکیش یەکێکە لەو وەلآتانەی کە هەتا ئەمرۆ ژەنەڕالە شەڕخوازەکانییان فەرمان ڕەوایی دەکەن و خاوەن دەسەلآتێکی تەواون و هەتا ئێستاش دژ بە 25 ملیۆن مرۆڤی  کوردن لە تورکیا دا و تەنانەت پەلاماری دەرەوەی مەرزی دروست کراوی خۆشیان دەدەن و لە بەر چاوی هەموو جیهانیان ڕای دەگەیەنن کە ئەوان دژ بە گەلی کوردن سا کورد لە هەر شوێنێ بێت و ئەوان  هیچ بنەمایەکی دیموکراتیان تیادا وەدی ناکرێت  و تا ئەمڕۆش دان بە مافەکانی گەلی کورد لەو وەلآتەدا لە ئارا دانیەو وازیش لەم سیاسەتەیان ناهێنن ، ئەمە جگە لە ڕابووردووی ڕەشی تورک بۆ لەناو بردنی کوردو ئەرمەنەکان کە لە ڕۆژگارانی زوودا بە ملیۆن مرۆڤیان لە ناو بردووە و هەتا هەنوکەش دانیان بەو کوشتن و بڕین و مرۆڤ بەکۆمەلْ کوژیەدا      نەهێناوەو      ئێستاش      حاشاهەلگری      جنایەتەکانی

دیرۆکین،جگەلەمەش ئەوان هەنوکەش هەڕەشە لە کورد دەکەن و ئەو سیاسەتە ڕەگەز پەرستیە و دان نەنان بە مافی خەلکانی تریان واز لێ نەهێناوەو نەیان توانیە کە کێشەی قوبرسیش چارە سەر بکەن و واز لە نیازی داگیر کردنیان بهێنن بە تایبەتی دژایەتی کردنی گەلی کورد هەروا پەرە پێ دەدەن و گەلی کوردیان بێبەش لە کەمترین مافە ڕەواکانی میللی خۆی و ژیانی سەربەستی و ڕەهایی لە ناو ماڵ و زێدی باوو باپیرانی خۆی دا کردوە و هەروا هەولی توانەوەو لە ناو بردنی گەلی کورد دەدەن و ئێستاش ژەنەڕالە تورکەکانی هەمە کارە لە ڕژێمی تورکیادا فەرمان ڕەوان و ڕۆژێ نیە کە نەبنە هۆکاری کوشتن و بڕینی دەها کورد و گەلی کوردیان بێ هەموو مافێکی ئازادی و ڕەهایی لە سەر خاکی خۆی دا کردووە، ئەم هەموو ڕەفتارو کردەوە دژ بە هەموو مافێکی مرۆڤایەتی لە بەر چاوی ئەوڕووپیان دا بۆخۆی بە جنایەتێکی گەورە و دژ بە مافی مرۆڤ دەژمێردرێت و ڕێگرو هۆکارێکی سەرەکیە بۆ وەر نەگرتن و هاتنی دەولەتی تورک بۆ ناو یەکێتی ئەورووپیان ،ئەوان واتە تەواوی ئەندامانی ئەو یەکێتیە ئەورپیە پێیان وایە کە هەموو ئەوانەی کە دێنە ناو یەکێتی ئەوڕپی و بوونیان بە ئەندام بوون و پەرەسەندی ئابووریان دەبێ کە دوور لە چەوساوندنەوە و داگیر کردن و کوشتن و بڕینی هەر مرۆڤێک بن و دەبێ کە بە مانای وشە رژێمیکی دیموکرات و مرۆڤ دۆست بێن ئەوسا دکارن کە وەک ئەندامێک لەو یەکێتیە دا وەریان بگرن.

تورکیاش کە خاوەنی ئەو دیرۆکە ڕەشەی کە هەیەتی و هەتا ئەمڕۆش لە بەر چاوی ئەوڕوپیان دا هەر هەمان ڕژێمی جارانە و لە بارەی کوردو کوردستانیش دا هیچ گۆڕانکاریەکیان بەسەر دانەهاتووە ، ڕژێمی تورک هەتا ئەمڕۆ هەڕەشە لە بوونی گەلی کورد دەکات،کە سالەهای سالە ئەو میللەتە کوردەی چەوساندۆتەوە،کە ئەم جۆرە رەفتارانەش بۆ خۆی دژ بە هاتنە ناو بازاری ئەورووپیانە شتێکی ئاشکراشە کە تا دەولەیی تورک واز لەو سیاسەتە و هەموو هەڕەشەو گوڕەشەی دژ بە مافی مرۆڤ نەهێنێت و ئەوا پێم وایە کە هەرگیز نابێ بە ئەندام لەم یەکێتیەدا و لە بازاری هاوبەشی ئەوروپی دا وەر ناگیرێت،ئەوکاتە دێنە ناو ئەو یەکێتیە کە بە تەوای دان بە مافەڕەواکانی گەلی کورد دابنێن،کێ بێ ئەو ڕاستیە نەزانێت کە هەتا ئەمڕۆش کوردی بن دەستی ئەو ڕژێمە داگیرکەرەی کوردستانی باکور کە سالەهای سالە گەلی کور لەو بەشە دابەش کراوە بەسەر داگیرکەری تورک دا لە ژێر باری گرانی دپلۆسین وکوشتن و لە ناو بردن و

بێ هەموو مافێکی ڕەوای میللی دا دەژیت و تا ئەمرۆ گەلی کورد وەک هەر مرۆڤێکی سەر ڕووی ئەم زەمینە کە مافی خۆیەتی شەرەفمەندانەو ئازادانە و سەربەخۆ بژیت و خۆی خاوەنی قەوارەیەکی میللی خۆی ببێت بەڵام دەولەتی تورک هەر لەوساوەی کە دامەزراوە هەتا ئەمرۆکەش تا بڵێی دڕندانە دژ بە گەلی کورد ڕەفتار دەکات و تەنانەت ناو بردنی کوردو کوردستانیش گوناهێکی گەورەیەو زمانی زگماکی گەلی کورد قەدەغەیەو تا ئێستاش پەیڤین بەو زمانە شیرینە و بوونی کەمترین مافی کەلتوری و نوسینی کوردی لەو وەڵاتە دا هەر قەدەغەیە و کوردێک نکارێ کە بە زمانی دایک و باوکی خۆی بە شێوەیەکی ڕەسمی بنوسێ و بپەیڤێ و بۆ خۆی بە ڕاشکاوی ڕای بگەیێنێ کە ناسنامەی کوردە و تەواوی گەلی کورد لە کوردستانی باکور لە لایەن ڕژێمی داگیرکەری تورک بە تورک ناو دەبردرێن و بە هەزاران هەزار مرۆڤی کورد لە ناو زیندانە ڕەش و پڕ لە زەبرو زەنگەکانی داگیرکەرانی تورک دا وا لە ژێر باری ئازارو شکەنجەو داپلۆسین دا گیانیان لە دەست دەدەن و تەنیا بەهۆی ئەوەی کە خۆیان بە کورد دادەنێن و لە پێناوی دان نان بە مافە ڕەواکانی میللی دا خەباتیان کردووە و داوای مافی خۆیان لە ژیانێکی سەربەرزانە دا کردوو وەدەکەن.

وەر گرتنی دەولەتی تورک لە یەکێتی ئەورووپی دا واتە واز هێنانی دەولەتی تورکە لە سیاسەتی ڕەگەز پەرستی و چەوساندنەوەی گەلی کورد و هاتنە کایەی دیموکراتیەت لە تورکیا دا، خۆ ئە گەر هەروا بن و واز نەهێنن ئەوا هاتنی تورک بۆ ناو ئەو بازارە و بونیان بە ئەندام لەو یەکێتیەدا پێم وابە کە مەحالە.

2004.12.15